# هێماناسیی درەختی کریسمس



کارڵ گۆستاف یۆنگ

بۆ کوردیی: سوورێن ئیبراهیم

*پوختەی دیداری ڕۆژنامەی (Die weltwoche) لەگەڵ یۆنگ، ئەم دیدارە 'جۆرج گریستەر' لەگەڵی سازی داوە، گریستەر ڕۆژنامەوان و فۆتۆگرافەر بوو، دکتۆرای لە وێژەی ئەڵمانییدا هەبوو.

ڕۆژێکیان سوامیی[1]ـەکی هندیی لە کوێستانی زیوریخ لە دەرگەی ڤێلایەکی دا، بە خاوەنماڵی وت: ببوورە کاتم گرتن، من لە مەدرس[2]ـەوە دێم. خەریکی توێژینەوەم سەبارەت بە دابونەریتی ئایینە خۆجێییەکانی ئەورووپا. ڕەنگە ئێوە...؟ خاوەنماڵ دەکشێتەوە: ببوورە ئێوە بە هەڵە هاتوون. ئێمە خەڵکێکی ڕۆشنین، ڕاستە دەڕۆینە کڵێسا، ئاوا کەموکوت، بەڵام ڕەنگە بزانیت ئێمەی پرۆستانت نێوانێکی باشمان لەگەڵ جیهانی هێما ئایینییەکان نییە. گەر پێت وایە لێرەش وەک وڵاتەکەی خۆت دابی ئایینی دەدۆزیتەوە، بەداخەوە دەبێت پێت بڵێم؛ بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێیتەوە. سۆفییەکە لچشۆڕانە بۆ پاشێ کشایەوە. لێ مۆڵەت بدەن با گریمانە بکەین سۆفییەکە دیسانەوە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە لە دیسەمبەردا خاوەنماڵ لە جەرگەی ڕازاندنەوەی درەختی کریسمسدا غافڵگیر دەکات، بە نەوایەکی سەرکۆنەوە دەڵێت: خۆ ئێوە وتتان هیچ جۆرە سرووتێکی ئایینییتان نییە، کەچی دارکاجێکت پڕیوە و داتناوە تا لە ژووری میوان وشک بێتەوە، هەروەتر بە چرای بچووک، کە هیچ تینی گەرمیی نییە، داتپۆشیوە، فەرموو پێم بڵێ ئەمە ئایینەکەتان یان کتێبی پیرۆزتان ڕێی پێ داون؟ خاوەنماڵەکە بە سەرسوورمانەوە سەری ڕادەتەکێنێ: من نازانم، ئەمە ئەو کارەیە وا هەمیشە کراوە.

لە یەکێ لە گەشتەکانی توێژینەوەمدا بۆ ئەفریقا، لەگەڵ خێڵێک لە دامێنێ ماونت ئێڵگن (Mount Elgon)ـی کینیا

[1] Swami: سۆفیی هندیی، ڕابەری ئایینیی

[2] یەکێک بووە لە پارێزگاکانی هندی جاران.

دەژیام. گشت بەیانییەک، لە دەمی خۆرهەڵاتدا، لە کوخەکانیان دەهاتنە دەرێ، سەدەفیان لە دەست بوو، دەیانخستنە نێولەپ و ڕووەو خۆر ڕایان دەگرتن، وتم بۆچی ئاوا دەکەن؟ دووچارمان چ وەڵامێک بدەنەوە، تەنیا توانیان بێژن: کارێکە هەمیشە کراوە. لە سۆنگەی ئەم نەزانینەوە سپیپێستان ناوێکی وەک سەرەتاییان بە باڵا بڕیون. ئێستا گەر هاوڕێ هندییەکەمان ناچار با توێژینەوەکانی لەمەڕ خەڵکی دامێنی کوێستانەکانی زیوریخ لە مەدرس چاپ بکات، مسۆگەر بابەتێکی بەنرخی بۆ وتن هەبوو:

"هەرچەند ئەوان نکۆڵیی دەکەن، لێ ئەو بتە کەروێشکانە دەپەرەستن وا هێلکەی ڕەنگاوڕەنگی کردووە. لەو ڕۆژەدا وا پێی دەڵێن ئیستەر[3] بە قریوە و زەنا لە باخدا چاو بۆ ئەم هێلکانە دەدەن. ڕۆژێکی تر، کە پێی دەڵێن کریسمس، ئەو درەختە چرامەندە دەپەرەستن وا پوولەکە و گۆی درەوشاوە و شیرنیی پێوە هەڵواسراوە؛ سەربارى ئەمەش نازانن بۆچ ئەمانە دەکەن. خەڵکێکی زۆر مێشکبچووک و سەرەتایین."

هەر بەم ڕەنگە مژاری وەک ستوونی مەی[4] و درەختی مەی[5]و تیری ڕۆناویی مەسیحییەکان بۆ درەختی کریسمس پرسی گرنگمان لای گەڵاڵە دەکەن. لە باشترین دۆخدا شیکردنەوە بوو لەمەڕ ساڵگاری دێرین. زۆر لەو جەژنەی لەدایکبوونەوەی مەسیح دەچوو وا گرێدراوی جەژنی

---

[3] ڕۆژی ئیستەر، لە ڕۆژی جەژنی پاک و هەڵسانەوەی مەسیح پاش لە خاچدانی، بەرپا دەکرێت. لەم سرووتەدا هێلکە و شیرینیی ڕەنگ دەکرێن، بە جەژنی پیتوفەڕ و لەدایکبوونەوەی بەهاریش ناوبردە دەکرێت. هەندێک سەرچاوە و توێژینەوە ئەم سرووتە بۆ ئایینەکانی پێش مەسیحییش دەگەڕێننەوە.

[4] May Pole: تیرێکە لە گوڵ پێچراوە، ناوەندێکە بۆ وەرزش و سەمای ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی، مەی، کە پێنجەمین مانگی زایینییە، لە بنەڕەتدا یەزدانێکی ڕۆمییە.

[5] لقی سەوز و گوڵدارە و بۆ ڕازانەوە بەکار دەبرێت.

لەدایکبوونەوەی نیوەی زستانە و پێشتریش داب بووە. هێمای درەخت دیرۆکێکی فرە هێژای هەیە. لێکۆڵەری فللەندیی، ئینهێلم بێرگ، هێمای درەختی ژیانی شیکار کردووە و بە (بەرجەستەترین هێمای مرۆیی) ناوبردە کردووە[6]. ئەو بارگۆڕان و کەوڵاوکەوڵە واتاییە زۆرەی وا لە درێژەی مێژوودا بۆ هێمای درەخت کراوە، هۆکاری زەنگینیی هێزوپێزی ژیانەکەیەتی. درەخت واتایەکی جیهانیی هەیە، درەخت جیهانە، ستوونی جیهان، تەوەری جیهان. هێندە بەسە بیر لە ئیگدراسیڵ (Yggdrasill)ـی درەختی زمانەچۆلەکەی ئوستوورەی نۆردی بکەیتەوە[7]. درەختێک بە شکۆیەکی هەمیشە سەوزەوە لە ناوەندی جیهاندا یەکبین هەڵدەکشێ. درەخت، بە تایبەتیی تاجەکەی شوێنی ئێزدانە. درەختی تر وەک ئەوانەی ئاواییەکانی هیندستان و لیندن (Linden)ـی ئەڵمانیا، گوندنشینان لە زەردەپەڕی ئێوارێدا تۆمارەی لێ دەبەستن: ئەوان لە سێبەری ئێزداندا هەڵدەنیشن.[8] هەروەها درەخت ڕەهەندێکی دایکانەشی هەیە. لە ئوستوورەی ژێرمانیدا یەکەمین مرۆڤی [9] Ask و

---

[6] Der Baum des lebens، هلسینکیی، ٢٣- ١٩٢٢١، ل٩

[7] Nordic: ژێرمانییەکان (لقێکن لە هیندۆئەورووپییەکان، وەک بەریتانیی و ئەڵمانیی و هۆڵەندییەکان و ئەورووپای باشوور، بە تایبەت ئەسکەندەناڤیا.

[8] ئەم داب و سرووتە لە کوردستانی دێرینیشدا بینراوەتەوە و تا ئێستاش لە زۆرینەی گوندەکانی کوردستان، لە بەرزترین جێی گوندەوە، درەختێک دەبینین، ئەمانە پتر نزیکی گۆڕی کەسنەزان و پیاوچاکانێکە، کە کەس نازانێ مێژووی درەختەکە و گۆڕەکەش بۆ کەی دەگەڕێتەوە، خەڵکیش زۆر کەڕەت بیریان بۆ ئەوە ناچێت مێژووی گۆڕ و درەختەکە بزانن و ڕۆشنی بکەنەوە، وەک بڵێی گەرەکیانە بڵێن ئەم گۆڕ و درەختە کەرتێکی بوونی ئەزەلیی و دەرەکاتی هەمیشەیین. نزیکیی گۆڕ و درەخت بەپێی تێزەکانی 'جیمس فریزەر'، هێمای مردن و ژیانەوەن. بۆ ئەمە لێگەڕین لە واتا و نرخی درەختی ژیان لە ئوستوورەی سۆمەریی و درەختی ئینانا، هەروەها درەختی ژیان لە ئوستوورەی ئایینە کوردییەکاندا وەک ناوەندی ئافراندن، هاوشووناس و نزیکە لە هەمان باوەڕمەندیی گەلە سرووشتییەکانەوە.

[9] لە بنەڕەتدا ناوی درەختێکە، لە کوردییدا هەگبەتوو، لاشەتەنافە، لاشەگوریسە، هەگبەسپۆرو توورەکەکارگیشی پێ دەوترێ، لەنێو گەهبەکەیدا تۆوێکی بەسوود دەگرێ، ئەسکلێپیووس (Asclepius) لە ئوستوورەی یۆنانییدا خواوەندیی تەندرووستیی و نۆژدارییە.

Embla [10] لە زمانەچۆلەکە و توسکاوە دێن، وەک لە ناوەکانیانەوە دیارە. لای یاکووت[11]ـەکانی سیبیریا درەختی هەشتلق زادگەی یەکەمین مرۆڤە. ئەو ژنەی نیوەی سەرەوەی جەستەی لەو درەختەوە سەز بووە، شیری پێ دا. ئەمانە و نموونەی هاوشێوەی ساختە نین. نەختوپوخت ڕابردوون و لە مێشکی مرۆڤەوە دازاون، ئەمە کەرتێکی دۆزینەوەی سرووشتییە.

با نموونەیەک بێنمەوە، شەوێکیان بەرپرسی ناوچەی بەریتانییەکان لە نەیجیریا هاتوهاوارێکی ترسناکی لە سەنگەری سەربازە خۆجێییەکانەوە بیست. شەش سەرباز ناچار مان هاوڕێ وراوەبازەکەیان بخەنە زیندان، کاتێ بەرپرسە بەریتانییەکە گەیشت، ڕەشپێستەکە بێدەنگ ما و بە فەرمانی بەرپرسەکە ئازاد کرا. لە وەڵامی ڕەفتارە سەیرەکەیدا وتی: ویستویەتی پرواتەوە ماڵێ، چونکە درەختەکەی گازی کردووە، لێ ئێستا زۆر درەنگی کردووە، سەربار، بەرپرسەکە تێگەیشت کاتێک ئەم سەربازە منداڵێکی بچکۆلە بووە، هەینێ دایکی ڕۆشتووەتە سەر کار، ئەوی لە بن درەختێک داناوە، تا بحەوێتەوە، درەختەکە قسەی لەگەڵ کردووە و سۆزی لێ وەرگرتووە هەرکات دەنگی بیست، یەکەوجێ خواردنێ بۆ ببات. سەربازەکە وتی درەختەکە چەندین ڕێ بانگی کردووە و ئەویش هەموو جارێ، هەرشتێکی لە کوختە شڕەکەی شک بردووە، بۆی

[10] لە ئوستوورەی ئەسکەندەنافییدا ئەم دوو ناوە، (ئاسک و ئامبێلا) یەکەمین جووتی مرۆڤن و خواوەندان ئافراندوویانن، جا نەژادی مرۆیی لەوانەوە داکەوتوون. ڕەنگە ئەم دوو ناوە بە واتای درەختی زمانەچۆلەکە و نارەوەن بێن، ئەم درختەی زمانەچۆلەکە لە کوردییدا (داربناوچ و بەناڤ و زوانمەلیچک)یشی پێ دەوترێ. تۆسکاش هەر ناوی جۆرە درەختێکە. ئەمەش هێما و نوێنەرایەتیی باوەڕمەندییە بۆ ئافراندن لە گیا و ڕووەکەوە.

[11] Yakut: گەلێکن لە سیبیریا.

بردووە. ئەمشەویش لە دووری گوندەکەیەوە گوێی لێ بوو درەختەکە بانگی خواردنی لێ دەکات. هەرچەندە لە سۆنگەی ئەرکە سەربازییەکەیەوە نەیتوانی بە دەم دەنگەکەیەوە بچێت. جا نموونەی هاوشێوەی ئەمە درەختی هێمای نۆمۆن[12]ـە، واتە چارەنووسی ڕۆحیی کەسەکە. کەسێتییە دەروونییەکەی. لە خەونی نەبوخەزنەسەردا درەخت هێمای خودی پاشایە، هەروەها ڕامانێکی دێرینی خاخامیی ( Rabbinic) هەیە، گوایە دەرفەتێک بە ئادەم دراوە تا بە پیریی سەردانێکی بەهەشت بکات. لە لقەکانی درەختەکەوە منداڵێکی ژاکاو هەڵنیشتبوو، تەنانەت دەتوانین ڕامانی دێرینی مەسیح بۆ باوکێتیی، وەک درەختی ژیان هەژمار بکەین.

**ئایا ئەو سرووتانەی وا ئەمڕۆ هێشتاش لە زۆر جێ سەرڕێ دەخرێن، وەک ناشتنی درەخت لە ڕۆژی لەدایکبووندا، هەر بەشێک نین لەم گوتارە؟**

مسۆگەر، هۆکاری ئەم سرووتە بێ نەخشە و بیرە، گرێدراوێتیی هێماسازانەی نێوان مرۆڤ و درەختە، هەردووکیان یەک چارەنووسیان هەیە.

**با بگەڕێینەوە بۆ چیرۆکی درەختی کریسمس. پێت وانییە چەندین پێڕی هێمای چەشناوچەشن لە یەک هێمادا چڕ بووبێتنەوە؟ درەخت چراکان، لقی هەمیشە سەوز، ڕازانەوە و بەشی دیارییەکانی کریسمس، هەموو ئەمانە سەنگێکی هێمایی تایبەتی خۆیان هەیە و هەندێک لەم بەشانە بە**

---

[12] Numen: هێزێکی مەعنەوییە و بە گشتیی لە شت یان دیاردەیەکەوە دەرەنگێت.

**شێوازی جیاواز، لە زۆر سرووتیی مرۆییدا ئاوێتە دەکرێن.**

هاوڕام، لێ نابێت بیرمان بچێتەوە پێکهاتەی گشتیی درەختی ڕۆشنایی و ڕازەوە، بێ لە سرووتی لەدایکبوونەوەی مەسیح، لە بواری نامەسیحییانەشدا دەبینرێنەوە، بۆ نموونە لە کیمیاگەرییدا، ئەو گەنجینە باڵکێشە هێماییەی ڕۆژگارانی دێرین.

(لێرەدا یۆنگ وێنەیەکی کیمیاگەرانەی درەخت لەگەڵ خۆر و مانگ و حەوت هەسارە و لقەکانی، کە بە وێنای قۆناغەکانی کیمیاگەریی بارگۆڕان دەور درا بوو، نیشان دام.)

ئێستا ئێوە دەزانن گۆ درەوشاوەکانی سەر درەختی کریسمس چ واتایەکیان هەیە: ئەوانە هیچ نین جگە لە تەنە ئاسمانییەکان، خۆر و مانگ و ئەستێرە. درەختی کریسمس درەختی جیهانییە، لێ وەک هێماسازیی کیمیاگەریی زەلال نیشانی دەدات، هاوکات هێمای بارگۆڕانیشە، هێمای قۆناغی خۆناسینە، بەپێی هەندێ سەرچاوەی کیمیاگەریی، مامۆستای هونەرەکە بە درەختەکەدا هەڵدەگەڕێ، ئەمە بنەڕەتێکی زۆر کۆنی شامانیزمە. شامەن لە دۆخی بێهۆشییدا بۆ گەیشتن بە جیهانی بەرین، بە درەختە جادوویەکەدا هەڵدەگەڕێ، تا خودی ڕاستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە، لەگەڵ سەرکەوتن بە درەختی جادوییدا، کە هاوکات درەختی داناییشە، بە سەر کەسێتیی مانەویی خۆیدا زاڵدەست دەبێت. لە نیگای دەروونناسەوە هێماسازیی کیمیاگەریی و شامانیی وێنەدانەوەی دەرهاوێژکراوی ڕێکاری دەستڕاگەیشتنە بە

تاکایەتیی. ئەمە لە سەر بنەڕەتێکی شاهێمایی[13] پاوەجێ بووە، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە، کە ئەو نەخۆشانەی کەمترین زانیارییان لەمەڕ ئوستوورەناسیی و فۆلکلۆر هەیە، لێ دەرەکاتانە سەرنجڕاکێشترین هاوشووناسیی بۆ هێماناسیی دیرۆکیی درەخت گەڵاڵە دەکەن. ئەزموون فێری کردووم داهێنەرانی ئەم وێنانە کۆشاون تا ڕێکاری تەواوکۆیی دەروونیی، کە بەشێکی جیا بوو لە ئاگاییان، دەربڕن.



[13] Archetype: شاهێما یان ئارکیتایپ، بریتییە لە هێمایەکی نەمری باڵا و کاریگەر، یان کەسێتیی و پاڵەوان و ڕامان و شوێنێک. یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی ڕێبازی دەروونشیکاریی یۆنگ، یۆنگ پێی وابوو، تاک جگە لە تایبەتمەندییە بۆماوەییە فیزیکیی و جەستەییەکان، سرووش و کاریگەریی لە کۆمەڵ و ژیاریی و خێڵە سەرەتاییەکانیشەوە وەر دەگرێ، سا ئەو ئەمەی ناو نابوو: مێژووی زەین و زەینی دێرین. هەر بۆیە یۆنگ دەیوت، هەموو شتەکان پێش هاتنەبوونی تۆ درووست بوون، بەم ڕوانگەیەی یۆنگ بێ، بە پێداگرییەوە دەتوانین بێژین: تەنانەت نەستی مرۆڤیش هەر سەرەتا هەبووە، لای یۆنگ شاهێما هەر هەبووە و دەمێنێ، تەنیا ئەوەیە ئامانج و ڕووگە و ڕووخساری دەگۆڕێ. ئەمەش پلەی ڕەنگڕێژبوونی کۆنەستی تاکە لە چێوەی شاهێمایەکدا.

**داخۆ ئەم پێناسەی ئێوە بۆ درەختی کریسمس، بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی مێژووی ئەم دابە پەیوەندیی بە پاش سەدەی حەڤدەوە هەیە، تێک ناشکێ؟**

بۆچی دەبێت بەرپەرچی ئەم باوەڕەی من بدرێتەوە، لە کاتێکدا درەختی کریسمس لە درێژترین و نووتەکترین شەوی ساڵدا هێمای گەڕانەوەی ڕۆشناییە و کردەیەکی شاهێماییە؟ بە پێچەوانەوە! ئەم سرووتەی درەختی کریسمس لە وڵاتانی چەشناوچەشن دیتراوە و بە خێرایی ڕیشەی داکوتاوە، بە جۆرێک، کە زۆرینەی خەڵک باوەڕیان وایە ئەمە سرووتێکی فیتاوفیت دێرینە. هۆکارێکی تریشی ئەوەیە کە سەرچاوەی پاڵهێزەکەی وا لە قووڵایی ڕۆحدا. وا لە کۆنەست و بانترە لە مژاری ئاخوور و گا و گوێدرێژ[14].

**لە پەڕتووکێکتاندا فەرمووتانە خەڵک بێ ئەوەی بزانن لە پشت سرووتی درەختی کریسمسەوە چی نوستووە، دەیڕازێننەوە.**

سرووتێکی کۆنی فرەخواییە[15]، تەنیا من نیم کە ئەم چەمکە بەکار دێنم. بەڵکوو کڵێساش هەر وا دەڵێت: (omnis haec observation est paganorum.)[16] لە ئاگادارییەکی کۆنی پاپادا ئاماژە بە ڕازاندنەوەی ماڵان بە لقی سەوز کراوە. ئەمە ئەوە و هەروەها سرووتی فرەخوایی تریش هەن ج. س. دانهوردی ڕەبەنی ئەنجلییی لە ستراسبۆرگ، لە نیوەی

---

14 گوایە هۆکاری لاسایی کوێرانە خووە، هەروەها مەسیح لە تەویلەدا لە دایک بووە.

15 یۆنگ لێرەدا 'پاگانیزم' بۆ ئایینەکانی پێش مەسیحییەت بەکار دێنێت.

16 "سەرپاکیی ئەمانە دەسیسەی بتپەرەستانە." ئەمە بە واتای ئەوەش دێت کە گشت ئەمانە لە بن چاودێریی و بە دەستتێژ و نەخشەڕێژیی و پیلانی بتپەرەستان داویان بۆ چنراوە.

دووەمی سەدەی حەڤدە دژی درەختانی ئاگر[17]، کە خەڵک کاتی کریسمس لە ماڵاندا بەرپایان دەکرد و بە بووکەڵە و چرا دەیانڕازاندەوە، وتاری داوە، ئەم زانا ئایینیانەی ئایین بەپێی ڕوانگەی خۆیان، زۆریش چەوتیان نەبێژاوە.

**ئێستا کە ئێوە وەک توێژەرێکی ئەزموونی ئایندەی درەختی کریسمستان ڕۆشن کردەوە، دەبێت ناوبانگی بەربڵاوی درەختی کریسمس دڵتان وەک دەروونناسێک شاد بکات. من گریمانە دەکەم ئێوە ئەو دەپەژرێنن کە درەختی کریسمس وەک دەستاوێژی دەروونددروستیی سوودبەخشە.**

گریمانەکەت تەواوە. دەتوانین بێژین شاهێماکان وەک ئیشتیای خواردنن و لە ئێمەدان، گەر لە درێژەی کاتدا شتێکیان چنگ نەکەوێت بیخۆن، وردەوردە دەپووکێنەوە و گشت شتێک تێک دەدەن. کڵسای کاتۆلیک زۆر پێ لە سەر ئەمە دادەگرێ. ئێستاش دەستپێشخەریی زیندووکردنەوەی سرووتی دێرینی ئیستەری کردووە. ئیتر خێرهاتنی وشک و چرووکی (مەسیح هەڵساوەتەوە) کەڵکەڵەی شاهێماکان بۆ وێناکردن دانامرکێنێ. جا بۆ ئەوەی ئارامیی بۆ بگەڕێننەوە، گەڕاونەتەوە بۆ خواکەرویشک، کە هێمای زایینە. بەم دواییانە کڵێسا سرووتێکی دێرینی ئاگریی زیندوو کردووەتەوە: ئاگری ئیستەر، یەکەمین ئاگر، کە بە بەردەستێ و ئاسن دەکرێتەوە نەک کبریت. بەرنامەیەکی خۆراکیی بەهێز بۆ کەسەکەی ناوەوەمان، دەبێت کەسە دەروونییەکە خۆراکی پێ بدرێت. ئەو مۆدێرنیستانەی وا زۆر

[17] مەبەستی درەختی سەروو و کاجە.

پشت بە ئەقڵ دەبەستن، بۆ ئەوەی لە زیان دوور بن، پشتگوێی دەخەن، درەختی کریسمس یەکێکە لەو سرووتانەی خۆراکی ڕۆحە. خۆراکی کەسە ناوەکییەکەمانە. چەندێک ئەوان سوود لە ئامڕازی سەرەتاییتر ببینن، ئەوا لە ئاییندەدا پاشماوەی ئەم سرووتە گرەنتییەکی بەهێزتری هەیە.